www.kurdistannet.org
12/07/2003 23:09

# بەر ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا باشووری کوردستان بەجێ بێڵن!!

هشام ئاکرەیی

دوور له تیوریەکانی فکری نەگۆڕ و پرنسیپ و بنەماکانی سیاسی وسەربازی چەرخی بیستەم، دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە لە دوای هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ناو عێراق، یەکەمین جارە گەلانی عێراق و گەلی باشووری کوردستان بتوانن ئازادیە سیاسیەکانی خۆیان وەرگرن. پارادوکس لەوەدایە ئەم گەلانە بە داگیرکردن گەیشتنە ئەو ئازادیە، کە لە یاسادا ژێردەستیە. سبەینێ ئەمریکا پاشەکشێ لە عێراق بکات، دووسبەی ئەو ئازادیە نامێنێ و دکتاتوریەت لە بەرگی ئیسلامی سیاسی یان پارتەنەتەوەیی یەکانی عەرەب و پاشماوەکانی سەددام دەگەڕێتەوە بۆعێراق.

گومان لە وەدا نیە کە پارتە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان، بەهیچ شێوەیەک ناتوانن ئێستا دەسەڵات لە عێراق بگرنە دەست، گەر هێزەکانی ئەمریکا لە وێ نەبن. چونکە لایەنەکانی تری ناو عێراق باوەڕییان بە دیموکراسی نیە و دەیانەوێ دەوڵەتێکی ئیسلامی یان دکتاتوری دروست بکەن. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیە کە هەر لایەنێک لە گەڵ دیموکراسی وئازادیەسیاسیەکاندا بێت دەبێ لە گەڵ مانەوەی لەشکرو دەسەڵاتی ئەمریکادا بێت لە عێراق. چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا هێزەکانی پێشکەوتنخواز و دیموکرات، ناتوانن دەسەڵات بگرنەدەست. لێرەدا گەلانی عێراق وهێزە پێشکەوتنخوازەکان و دیموکرات ولیبراڵەکان لە نێوان دوو هەلبژادە و ئەلتەرنەتیڤدان، یەک دژایەتیکردنی ئەمریکا و داواکردنی دەرکەوتنی هاوپەیمانان وبەم شێوەیە مەیدان چۆڵ بکرێت بۆ ئیسلامیەکان و سەددامیەکان دەسەڵات بگرنە دەست و گەلانی عێراق بچەوسێننەوە و ڕەگی خۆیان بڕوێنن و بە ئاکر و ئاسن حوکومڕانی عێراق بکەن. دوو، هاوکاریکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی وڵاتێکی دیموکرات وئازاد ونەهێلانی پاشماوەکانی سەددام وهێزە دکتاتوریەکانی تر. لێرەدا ئەمریکا ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ و ئەرێنی دەگێڕێت، لە پرۆسەی بونیادنانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی و بێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنان کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و ئابووری وژیانی سەندیکایی وڕێکخراوەپیشەییەکان لە ناو وڵاتدا. ڕاوەستانی هێزە پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراسیەکان لەدژی ئەمریکا "لەم کاتەدا" دەبێتە هۆی بە هێزبوونی هێزەکانی تیوکراتی و فیوداڵ و عەشرەتگەری لە عێراق. ئەگەر پشتگیری ئەمریکا نەکرێت و بەردەوام هێرش بکرێنە سەر، لەوانەیە داوای هاوکاری ئەم لایەنە دواکەوتوانە بکات. یانیش ناچار بێت عێراق بەجێبێڵێ، بەر ئەوەی سیستمێکی دیموکراسی ڕۆژئاوایی لە عێراق دابمەزرێنێت.

ئەگەر عەرەبستانی عێراق بە یاسای داگیرکەر مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکات و ڕێژیەکی بەرچاو دژی مانەوەی ئەمریکا بن لە عێراق، ئەوە هاتنی ئەمریکیەکان بۆ باشووری کوردستان، لە خراپترین حاڵەتدا، گۆڕینی داگیرکەرێکی دواکەوتوو و دڕندەیە، بە داگیرکەرێکی "دیموکرات و مافپەروەر". بۆیە زۆربەی هەرە زۆری پارت و ڕێکخراو و چەماوەر وخەڵکی باشووری کوردستان لە گەڵ هاتنی هێزەکانی ئەمریکان بۆ ناوچەکە.

هاتنی ئەمریکا بۆ باشووری کوردستان، گۆڕینێکی دروستکرد لە ناو وتاری سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و جەماوەر. ئەگەر هاتنی ئەمریکا بۆ کوردستان بە شێوەیەکی کاتی بێت، زیانێکی گەورە لە بزوتنەوەی کوردستان دەکەوێت و بۆیە دەبێ ئاگاداری وتاری سیاسی کوردی بین و سەنگێکی مەزن بدرێتە ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و بەگوێرەی ئەو مانەوە و پشتگیریە هەنگاو بنێین و پەلە لە خەباتی چەقاندنی مافی گەلی کوردستان بکرێت. مێژووی هەڵسووکەوتی ئەمریکا بەرامبەر وڵاتانی تر وەک سوماڵ کە لایەنە ئیسلامیەکانی جیهان و پاشماوەکانی سەددام، گرەو لە سەر دەکەن و کوریای باشوور کە ئەمریکا بەردەوامە لە پشتگیریکردنی، لە بەر چاو دابنرێت.

لەدوای هاتنی هێزی "کوردیکا" بۆ باشووری کوردستان، یەکەمین جارە لە مێژوودا کورد لە هێرش و هەڕەشەی داگیرکەران نەترسێ. ئەمریکا ماوە نادات ئێران و سوریا دەستوەردان بکەن لە کاروباری ناوخۆی عێراق و باشووری کوردستان. تاوەکوو تورکیاش بە عەقڵی جاران مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات و لە هەمان بەرەی ئێران و سوریادا بێت دژ بە ئەمریکا، حاڵی ئەویش لە هی ئێران وسوریا باشتر نابێت. هەر بۆیە دەبێ لەم کاتەدا

شێوەیەکی تری پەیوەندی دروست بکرێت لە گەڵ ئەو سێ وڵاتە، لە سەر بنەمای هاوسەنگی و ڕێزگرتن لە سەروەری باشووری کوردستان و نەهێلانی هەر شێوەیەک لە زاڵ بوون ودەستوەردانی نارەواو و زمانی هێز. دەستکەوتە سیاسی و سەربازیەکانی نوەتەکان دەبێ لەو سێ وڵاتە بسێنرێتەوە، بەر ئەوەی ئەمریکا باشووری کوردستان بەجێبێلێ.

خاڵی تری گرنگ، دەستنیشانکردنی سنووری باشووری کوردستان و کوماری فێدراڵە. مانەوەی ئەم کێشەیە بەبێ چارەسەرکردن، ڕێخۆشکەرە بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق و بوار خۆش دەکات بۆ دەسوەردانی وڵاتانی دراوسێ. دەبێ لە سەرەتای دروستبوونی دەسەڵاتی نوێ لە هەرێمەکەدا، واتە هەر لە ئێستاوە دەسەڵاتی "حکومەتی" باشووری کوردستان بە سەر ئەو هەرێمانەدا بسەپێنرێت. بۆ نموونە پۆلیسی شاری کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان دەبێ نیشانەکانیان ئاڵای کوردستانی پێوەبێت نەک هی عێراق. باجی عێراق بۆ پولیسی فێدڕالی عێراقە. دەبێ لە کەرکوک ئاڵای کوردستان (شان بە شانی ئاڵای عێراق گەر نەگرا) لە هەموو دەوائری حکومیدا هەڵبواسرێت و دابنرێت نەک تەنیا لە ئاوایی دادگا. ڕاگوێزراوانی شار و گوندە بەعەرەبکراوەکان دەبێ بە زووترین کات بگەڕێنەوە جێگاکانیان و ئاسایشی ئەوان لە لایەن هێزی کوردستان و ئەمریکاوە مسوگەربکرێت. ئەم کێشانە دەبێ چارەسەربکرێن بەر ئەوەی ئەمریکیەکان هەرێمەکە بەجێبێلن. نابێ لە بیرمان بچێت لە ساڵی ١٩٨٣ تورکیا نەی ویست سەددام حوکمی زاتی (ئوتۆنومی) بە کورد بدات. تورکیا لە ژێر فشاری ئەمریکاش نایەوێت باشووری کوردستان بەجێبێلێت، ئەی چی دەکات گەر ئەمریکا عێراقی بەجێهێشت.

ڕاستە لە دوای هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ باشووری کوردستان قەیرانێکی ئابووری و ئاسایش و. . ، دروستبوە لە کوردستان، کە دەبێ تیشک بخرێتە سەریان. بەڵام لە هەمان کاتدا بۆتە هۆی بەرفراوان بوونی ئازادیە سیاسیەکان. بۆ یەکەمین جارە وڵامی نامەی لایەنێکی سیاسی دەدرێنەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە. تاوەکوو ئێستا پارتە بچووکەکان پار و نەسیبیان تەنیا هەڕەشەو فشار بوە، ئێستا دەسەڵاتی ئەمریکا وڵامیان دەداتەوە. هەر بۆیەش بە زووترین کات وڵامەکەیان بڵاوکردەوە. چونکە ڕێز لێیان گیرا نەک تێهەڵدان (١) . جەماوەر دەسەڵاتێکی بەرزی دۆزێوەتەوە سەرۆی زلپارتەکان، کە دەتوانن سکاڵاکانیان ئاراستەی بکەن و بەو شێوەیە مافەکانیان دابین بکرێن. ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی نوێکردنەوەی سیستەمی بەڕێوەبردن لە باشووری کوردستان. کە لە بەرژەوەندی کورد و خودی زلپارتەکانەش ئەگەر بیانەوێ لە خزمەتی جەماوەردا بن و دوا فورسەو دەلیڤەیە بۆیان. زلپارتەکان گەر ئێستا بیانەوێ بە ئاسانی دەتوانن سزای ئەو ئەندامانە بدەن، ئەوانەی یاسا جێبەجێ ناکەن. ئەگەر هەڵبژاردنی گشتی ئەم جارە لە باشووری کوردستان بەڕێوەبرا، ئەنجامەکانی ڕێز لێیان دەگیرێت چونکە ئەمریکا و یوئێن لە وێن و کەس ناتوانێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگۆڕێ. هێزەکانی چەپ و کۆمۆنیست و دیموکراسی و لیبڕالی و نیشتیمانپەروەر و سوسیالیست لە باشووری کوردستان دەتوانن سوود لەو دیموکراسیە وەرگرن. واتە تاوەکو پروسەی دیموکراسی و ڕزگاری بظ باشووری کوردستان لە ئارادابێت و پشتگیری ئەو هەردوو پرۆسیسە بکات، ئەمریکا هێزێکی بونیادنەرە لە باشووری کوردستان.

(1) http://www.kurdistannet.net/7-2003/welamihaw.pdf

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.